# هەواڵ

## شۆفێرێک دەڕفێنرێ

ولاتی (ف.م.ع) شۆفێری لۆری بارهەڵگری نێوان هەولێرو بەسرە لەشەوی ٢٠٠٧/٢/١٧ لەلایان مەفرەزەیەکی چەکداری شیعە لەنزیک بەسرە دەڕفێنرێ. هەرهەمان شەو لەڕێگای مۆبایلەکەیەوە کەس و کاری ئاگادار دەکەنەوە کەئەوان لە بری کوشتنی چەند عەرەبێک لەلایان کوردەوە ئەویان ڕفاندووە وەک بارمتەیەک و داوای ١٠ دەفتەر دۆلار دەکەن بۆ ئازادکردنی بەلام ئەم داوایەیان ڕەت کرایەوە و دوای دوو رۆژ نرخەکەیان دابەزاند بۆ ٤ دەفتەر دۆلار تا هاتە سەر ١ دەفتەر دۆلار سیاوی باسە دوای کۆبوونەوەی کاس و کاری ڕفێنراو خاوەنی لۆریکە ڕەزامەندی لەسەر درا.

## سەرخۆشێک خۆی و دووکەسی تر بریندار دەکا

ولاتی (ه.ق.ح) دانیشتووی شەقلاوە لێپرسراوی عەسکەری حزبێکی دەسەڵاتدار ماوەیەکە لەهەندەران گەڕاوەتەوە لەرۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٠ لەکاتی مەی خواردنەوە لە شەقلاوە گولەی دەمانچەی لەدەست دەردەچێ کە خۆی و دوو دۆستی خۆی بریندار دەکات و ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر دەکرێن.

## منداڵێک گیان لەدەست دەدات

رۆژی ٢/١٩ منداڵیکی تەمەن ٤ ساڵ بەناوی ناز سەرباز لەشەقامی قەرەنی ئاغای سەر بەناحیەی چوارقوڕنە لەئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل بەردەکەوێ و گیانی لەدەست دەدات.

## دوکانێک دەبڕدرێ

سەوی ٢/١٧ دوکانی مۆبایلی دیار لەڕانیە دەبڕدرێ و بڕی ١٠ ملیۆن چاپی نوێ و هەموو جۆرەکانی مۆبایلی دەدزن شیاوی باسە ئەم بازارە پاسەوانی تایبەتی بۆ دابین کراوە بەکرێی مانگانەو ئەم کارەش ئەنجامدراوە بەلام زۆربەی دوکاندارەکان گومانیان خستۆتە سەر پاسەوانەکە کەدەستی هەبێ هەربۆیە پۆلیس دەستگیری دەکات.

## شەکراو خواردنەوەیەک ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە

لەشەوی ٢/٢٢ ولاتیەکی تەمەن ٦٣ ساڵ بەناوی (ح.ق) لەکاتی شەکراو خواردنەوەی ژنی سێیەمی لەگەڵ دوو کچ و کورێکی بەشەردێت و زۆریان لێدەدات و پەشیویەکی زستە مەراسیمی مارەبڕینەکەو منداڵەکانی بەرەو نەخۆشخانەی رانیە رەوانە کران شیاوی باسە ناوبراو هەڵس و کەوتی توندبووە لەگەڵ منداڵەکانی و ژنەکانی و بەزۆر هێناونی لەگەڵ خۆی و لەپێش دەرگەی ماڵەکە ناچنە ژوورەوە و دەوەستن کە ئەم کێشەیەی لێ کەوتەوە زۆربەی خەڵکی گەرەکی سەراش لەم هەڵس و کەوتە بێزاربوون.

## لێدانی قوتابییەک کێشە دروست دەکا

(س. ب) کە خەڵکی ڕانیەیە ماوەی ٢٩ ساڵە ئاوارەی ئێران بوونەو لە شاری مەشهەد نیشتەجێدەبن . هەر لەم شارە ژنێکی تورکی دەبێتە هاوسەری ٣ منداڵی لی دەبێت، ئەمساڵ گەڕاونەتەوە کوردستان_ڕانیە لەبارەگای تیپێکی هونەری کاری پاسەوانی دەکات منداڵیکی تەمەن ٩ ساڵی بەناوی زهرە دەنێرێتە مەکتەبی بتوێنی سەرەتایی بۆ خوێندن ئەوەی شیاوی باسە مامۆستای زمانی کوردی لەجیاتی ئەوەی هاوکاری بکات بەردەوام لێی دەدات و ئازاری دەدات بەبیانۆی ئەوەی بەکوردی قسەناکات ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاربونی دایک و باوکی هەربۆیە لەرۆژی ٢/٢٣ دەچنە قوتابخانەکەو بۆ بەدواداچونی ئەم مەسەلەیە لەئەنجامی گفتوگۆ کردن دەمەقاڵەو هەرەشە لەیەکتر دەکەن ئاژاوەو قسەی نەگونجاو و ناشرین بەیەکتر دەڵێن.

## بەرپرسێکی عەسکەری ١٢ باخەوانی هەیە

هەواڵەکان: بەرپرسێکی باڵای عەسکەری بەناوی (ز.ع) کەلەدوای ڕاپەرینەوە گەڕاوەتەوە کوردستان چەندین باخ و خانووی لەهەوارگەی شەقلاوە کڕیووە بۆ ئەمەش ١٢ کەسی شەقلاوەی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی باخچەکان و کارەکانی خۆی وەک باخەوان و پاسەوان ئەوەی جێگای باسکردنە ئەم باخەوانانەی بەپلەی بەرزو موچەی زۆر دامەزراندووە، زەوی بۆ زۆربەیان دابین کردووە کارەکانیشیان تەنها بەهاوینە

## دزی لەفێرگەیەک دەکرێ

شەوی ٢/١٩ لەگوندی ماوەرانی سەر بە شەقلاوە دزی لەقوتابخانەییک دەکرێت . چەند دزێک دەچنە قوتابخانەکە کەل و پەلی مامۆستایەک و ل هەندیک کەل و پەلی تر دەدزن دوای ئەمە پاسەوانەکە دەستگیردەکرێت هەر هەمان رۆژ بەواستەی بەرپرسێک ئازاد دەکرێت.

# سەرۆکی کتێبخانەی کوردی ستۆکهۆڵم ماڵئاوایی دەکات



کاتژمێر ١٥ی رۆژی ٢-٣-٢٠٠٧ (نەدیم داگدەڤیرەن) سەرۆکی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵمی ولاتی (سوید) کۆچی دوایی کرد. ماوەی مانگێک دەبوو کە بەهۆی نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانەی (سۆدەر خیوکهووسێت) لەژێر چاودێری پزیشک دەرمان دەکرا، وێڕای هەوڵی پزیشکان نەخۆشی کاری خۆی کرد و ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستانی لێسەندین.

نەدیم ساڵی ١٩٥٣ لە شاری (ئەرجیشی) باکوری کردستان چاوی بۆ ژیان کردبۆەو لە شاری دیاربەکر گەورە ببوو.

نەدیم هەر لەسەرەتای لاوییەوە دەچێتە ریزی (DDkD) کە پارتێکی کوردستانی باکوور بوو، بەو هۆیەشەوە گیراو زیندانی کرا. دواتر سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ولاتی سوید دەگیرسێتەوە.

نەدیم جگە لەوەی کە تێکۆشەرێکی ناسراو بوو، نووسەرێکی بەهرەمەندیش بوو، هەروەها بە توانای تاکەکەسی خۆی توانی کتێبخانەی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵمی ولاتی سوید دابمەزرێنێ، هەر چەندە حکومەتی سوید هاوکاریان دەکرد، بەلام ئەوە توانا و شیانی ئەو بوو کە حکومەتی سویدی رازی کردبوو تا هاوکاری کتێبخانەی کوردی بکات. هەروەها کۆمپانییانی (kwrdish pubish center) ناوەندی وەشانی کوردی دامەزراندبوو کە ئاواتی بوو سەرجەم کتێبەکانی کوردی بخاتە سەر ئینتەرنێت تا جیهانیان لە کورد ئوفەرهەن و وێهەی کوردی ئاگادار ببنەوە، بە داخەوە هێشتا پڕۆژەکەی تەواو نەببوو کە ماڵئاوایی لێکردین. دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل) لەکاتێکدا هەواڵی کۆچی دوایی (نەدیم داگدەڤیرەن) بڵاو دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا پرسەو سەرەخۆشی خۆی بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەی رادەگەیەنێ، لەدەست چوونی نەدیم بەزیانێکی گەورە بۆ وشەی کوردی دەزانێت.

## منداڵێک گیان لە دەست دەدا

رۆژی ٢٣-٢-٢٠٠٧ لەسەر ڕێگەی (ئەحمەد ئاوا-خورماڵ) منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان بو بەژێر تراکتۆرێکەوەو.

بەگوێرەی هەواڵ، لەکاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی خورماڵ، منداڵەکە گیان لەدەست دەدا. شیاوی باسە شۆفێری تراکتۆرەکەش کەناوی ( ئە ) و خەڵکی گوندی ئەحمەد ئاوایە لەلایەن پۆلیسی خورماڵەوە دەستگیر کرا.

## سێ عارەب لە نەوت فرۆشێکی کورد دەدەن

ولاتی برایم وەرتی لەگەڕەکی ئازادی رانیە دوکانی نەوت و غازی هەیە ژنە عەرەبێک دەچێتە لای ٦ دەبیە نەوت بەقەرز لە لای دەبات بەڵێنی پێدەدات لەرۆژی دیاری کراو پارەکەی بۆ ببات بەلام دوای ٢٠ رۆژ خاوەنی قەرزەکە ماڵەکەی دەدۆزیتەوە داوای لێ دەکات کە پارەکەی بۆ دابین بکات بەلام ژنەکە جنێوی پێدەدات و ئامادە نابێ قەرزەکەی بداتەوە و تەلەفۆن بۆ سێ عەرەب دەکات کەنەوت فرۆشەکە بۆکاری خراپ هاتووە و فریای کەون ئەوانیش بێ سێ و دوو پەلاماری دەدەن

## ئاسایشی هەڵەبجە دەست بەگرتنی ئەو گەنجانە دەکاتەوە کە ١٦,٣ گیرابون

ئاسایشی هەڵەبجە دەست بەگرتنی ئەو کەسانە دەکات کەلە 16.3.2006 دەستگیر کراون . دوو گەنج بەناوەکانی "ڕێبوار کامیل و هێمن کامیل "کەیەکێکیان خوێندکاری پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانەو ئەویتریان لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی دەخوێنێت ئێوارەی ١,٣,٢٠٠٧ لەلایەن ئاسایشی هەڵەبجەوە دەستگیر دەکرێن، یەکێک لەئەندامانی خێزانی ئەم دوو گەنجە وتی: ئەم کوڕانە ساڵی پار لەسوتاندنی مۆمێنتی هەڵەبجەدا گیران و پاشان ئازاد کراون ئێستە بەهەمان تۆمەت دەستگیر کراونەتەوە، دەنگۆی ئەوەش لەئارادایە کەهەرکەس ساڵی پار لە ١٦,٣. دەستگیر کرابێت ئەمساڵیش دەستگیر دەکرێتەوە بۆ بەرگرتن لەو هەوڵانەی کەلەلایەن خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئەو شارەوە دەدرێت تائەمساڵیش نەهێڵن یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لەوشارەدا لەلایەن بەرپرسانەوە بکرێتەوە.

کوردستانیوز

# نوێنەری رزگاری بەشداری لە ساڵیادی پارتی سەربەستیدا دەکات

**کاتژمێر ١٤ی رۆژی ١٧-٢-٢٠٠٧ لە شاری ئۆسلۆ، پێتەختی ولاتی نۆرویژ ئاهەنگێک بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی سەربەستی کوردستان سازکرا کە نوێنەری چەندین لایەنی سیاسی کوردستانی بانگهێشت کرابوون ، هەڤاڵ چالاک محەمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حزبی رزگاریی کوردستان لە ولاتانی ئەسکەندەناڤیا، لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرکردایەتی پارتی سەربەستی بەشداری لە ئاهەنگەکەدا کرد، بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:**

بەڕێز کاک عارف باوەجانی سکرتێری پارتی سەربەستیی کوردستان.

بەڕێزان ڕێبوارانی ڕێگەی رزگاری و سەربەخۆیی.

هێژایان نوێنەرانی ڕێکخراوەکان، ئامادەبووانی خۆشەویست.

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوونتان لێ بێ!

لە دەستپێکدا بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان بە ناوی نوێنەرایەتی حزبی رزگاریی کوردستان لە ئەسکەندەناڤیا جوانترین و رازاوەترین پەیامی پیرۆزبایی پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەین، بە خۆشحاڵیشەوە لەم ئاهەنگەدا بەشداریتان لەگەڵدا دەکەین، سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان! ساڵیادی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی بەرلەوەی بەرز رابگیرێ و یادی بکرێتەوە،خۆی لە خۆیدا واتا و لێکدانەوەی تایبەت لەخۆ دەگرێ، ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستانیش لێکدانەوەی رەنگاورەنگی وەبەرهەمهێناوە، ئەم یادکردنەوەیە هەم راشکاوانە پێمان دەڵێ کە کاروانی سەربەخۆخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرفراوانتر بووەو و بەرەو داهاتوویێکی پرشنگدار ڕێگەی گرتووە، هەم کرۆکی راستینی رەوایەتی دۆزی کوردستانی بۆ دۆست و دوژمن خۆیاتر کردووە. جاران ئەگەر پرۆسەی خاپاندنی نیشتمانپەروەران لە پەنای یەکپارچەیی خاکی ولاتە دەستکردەکانەوە بەرەوی پێدەدرا و کاری بۆ دەکرا، ئێستا ئەمرۆ بەهۆی دەستبەکاربوون و ئەکتیڤبوونی ڕێکخراوە سەربەخۆخوازەکانەوە واخەریکە بەخێرایی تەمی ئەو ستەمە دەرەوێتەوە. جاران ئەگەر بەئەنقسەت دۆستایەتی نێوان گەل و نەتەوەکان دەشاردرایەوەو بانگەشەی برایەتی درۆیینی نێوان نەتەوەکان دەکرا، ئێستا لەسایەی باڵاکردنی بیری سەربەخۆخوازیدا پەیامی وەکهەڤی نێوان نەتەوەکان بەرزکراوەتەوە. جاران ئەگەر چەمکی باڵایی هەبوونی نەتەوەی سەردەست و کەمبەهایی نەتەوە ژێردەستەکان لەسیاسەتی داگیرکەر و خۆبەزلزانانندا بەرەوی پێدەدرا، ئێستا مرۆڤایەتی ئەو چەمکە رەتدەکاتەوە. ئەمرۆ مرۆڤایەتی پەیامی یەکسانی و وەکهەڤی و هاوتابوونی نێوان گەل و نەتەوەکان پەسند دەکات. بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش لە پێناو کۆتاکردنی دەستی داگیرکار، بۆ رزگاری نەتەوەیی و بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی لێبڕاوانە تێدەکۆشی و لە ئارمانجەکانی خۆی نزیک دەبێتەوە. جاران ئەگەر رزگاریی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەخەون و خەیاڵ دادەنرا، ئێستا پڕۆژەی کوردستانێکی سەربەخۆ لە رۆژەڤدایە.

بەڕێزان! ئەمرۆ هەموومان لێرەدا کۆبووینەتەوە و بەشداری لە ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان دەکەین، کەچی لەولاشەوە دوژمنانی گەلەکەمان شێتگیرانە لە دژی ماف و دەستەکەوتەکانی باشووری کوردستان پیلانی ژەهراوی دادەڕێژن، هەرەشە لە گەلەکەمان دەکەن، پرۆسەی ترساندن و تۆقاندن بەرەو پێدەدەن، بۆیە پێویستە کەلەم رۆژەدا هەموومان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دژ بە پیلانەکانی دوژمنان رابوەستین، دڵسۆزانەو راستگۆیانە لەپێناو پتەوکردنی ریزەکانی کوردستانیان تێبکۆشین. مێژوو لێماندەخوازێ تا بەرژەوەندەکانی باڵای گەل و نیشتمان لەسەر مەشقی کارو چالاکیەکانماندا رەنگیان پێبدرێتەوە، قۆناغەکە داوادەکات کە ئیدی هاوێرکاری و جیاکاری و دابڕانی نێو بزاڤی رزگاریخوازی ریشەکێش بکرێن. هەر بەم بۆنەیەوە ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا قوڵکردنەوە و پتەوکردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە مەرجی سەرخستن و بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی رەوای گەلەکەمان سەرپشک دەکەین، تەواوی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بۆ برایەتی و هاوکاری بانگ دەکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

**سڵاو لە ڕێبوارانی ڕێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی**

## هەواڵی سەیر

* هاوڵاتی (س.ح) لە گەڕەکی (حی النسر)ی کەرکوک بەهۆی پلەی وەزیفییەوە زۆر خراوەتەژێر چاودێری تیرۆریستەوەو چەندجارێک کاغەزی هەڕەشەی بۆ فڕێدراوە، بۆیە ناچار باردەکا بۆ ئازادی و لەسەر خانووەکەی نووسیوە بۆ فرۆشتن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن عەرەب نیازی گەڕانەوەیان هەیەو کوردیش ناوێرێ لەو گەڕەکە جێنشین بێت خانووی کەس لەوێ نافرۆشرێ.

* رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٥ زیاتر لە ٣٠ کەس لەناو هۆڵی نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ راوەستابوون چاوەڕوانی پسوڵە بڕین بون کاتژمێر گەیشتە ٩ هێشتا نە دکتۆر دانیشتبوو نە پسوڵە بڕەکە هاتبوو، بۆیە خەڵکەکە کردیان بە بۆڵەو هەراو خەریک بوو کێشەیەکی گەورە لەنێوان پیاوێک و فەرمانبەرەکە دروست بێت چەندەها قسەی ناشرینیان بەیەکترو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە ووت.. مامۆستایەک کاتێ ئەنجامی پشکنین و مامەڵەکەی ئیمزا گەڕایەوە کاتژمێر ١٢/٢٠ خولەک پەروەردەش لەچەمچەماڵ چۆڵی کردبوو.

* لەیەکێک لەگوندە تازە ئاوەدان کراوەکانی ناحیەی قەرە حەسەنی کەرکوک دوو ئامۆزا لەسەر پارچە زەوی یەک کەدراوە بەیەکێکیان بۆ کشتوکاڵ کردن دەبێت بە شەڕیان یەکێکیان لەناکاو لەکاتی نوێژکردندا دەدات بەپشت ملی ئامۆزاکەی و دوای ئەوە یەکسەر دەست دەکات بەلێدانی هەتا وای لێ دەکا نزیکە مردن دەکات و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە ئەوی تریشیان هەڵدێ بۆ هەولێر لەوێ خۆی حەشار دەدات.

* کورێکی دکتۆر عەلی رەزا لەزانکۆی کەرکوک دەرفێنرێ لەبەرواری ٢٠٠٧/٢/٢٤ داوای ٥ دەفتەر دۆلاری لێ دەکەن، ئەمیش پارە نادات و گاڵتەی پێدێ، کەچی بۆ رۆژی دوای تەرمەکەیان لەسەر رووباری خاسە فڕێ دابوو، هەواڵیان بۆ باوکی ناردبوو کە لەفڵان شوێن تەرمەکەی بباتەوە.

* قوتابخانەی خاک زۆر سوپاسی شارەوانی چەمچەماڵی کرد کە ڕەزامەندی فەرموو لەسەر چەورێژ کردنی ڕێگای قوتابخانەکەیان لەرۆژی ٢/٢٧ بەڵام بەداخەوە فەرمانبەرێک کە ماڵی لەو بەرەوەیە ڕێگای بە گەڵابەکان هەڵەکردبوو بردوبیانی بۆ کۆڵانەکانی خۆیان ئەوێیان چەورێژ کرد. دواتر شارەوانی ئاگادار کرایەوە و دووبارە بڕیار درا لای قوتابخانەکەش چەورێژکەن.

* رۆژی ٢/٢٧ کاتژمێر (٤/٣٠) لەچەمچەماڵ م. ک کە برایەکی دەوڵەمەندو خۆیشی گەنجێکی منال کارە. لەگەڵ یەکێکی دیکە لەناو بازار بەشەر دێ و دەست دەکات بەتەقەکردن، پاش ئەم ڕووداوە پۆلیس و ئاسایش بۆی دەردەچن دەوری ماڵیان دەدەن زیاتر ٥ سەیارە و دەیان پۆلیس و ئاسایش و ئەفسەرو سەدان خەڵک لەوێ کۆببونەوە کەچی ئەو تەقەی لێیان کردو ئاسایشێکی بریندار کردوو وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو خەڵکیش دەستیان کرد بەگاڵتەکردن بەو هێزەو پاشان جۆبڵاوی لێ کرا.